# هەفتەیەك كاری چڕوپڕی ئیعلامی لەدژی توندوتیژی دەرحەق بەژنان

## "هەفتەی دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان" کۆتایی بە کارەکانی هێنا

### ئامادەکردنی: جمال محسن

**لە چوارچێوەی کار و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی دوعا بۆ بەرگرتن بە کوشتنی ژناندا و بۆ ماوەی یەک هەفتە کەمپینێکی ڕاگەیاندن بۆ هوشیارکردنەوە و هاوکاتیش ووروژاندنی زیاتری مەسەلەی تیرۆری ژنان و توندوتیژی بەرامبەریان سازکرا. لەم هەفتەیەدا چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و نووسینی چەندین ووتار و بابەت لە ڕۆژنامەکانەوە بەڕێوەچوون.**

**سەرئەنجام ڕۆژی شەممە 18 ی ئاب لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی لە سلێمانی و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا کە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی، ڕادیۆیی و هەندێ ڕۆژنامە ئامادەی بوون،"هەفتەی دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان" کۆتایی بەرنامەکانی ڕاگەیاند. سەرەتا ئاسۆ کەمال ڕێکخەری تۆڕی دوعا بۆ بەرگرتن بە توندوتیژی بەرامبەر ژنان ووتەیەکی پێشکەش کرد. دەقی ووتەکەی ئاسۆ کەمال لە ڕاگەیاندنێکدا هاتووە کە وێنەیەکی گەیشتە ئۆکتۆبەر:**

"لەبەرواری 11\8\2007 ەوە بۆ 17\8\2007 کەنالەکانی راگەیاندن بەشێوەکانی بیسترا و بینرا و نوسراو و ئەلکترۆنی هەڵمەتێکی راگەیاندنیان بۆ ئیدانەکردنی توندوتیژی دژ بەژنان بەڕێوە برد، لەژێرناوی "هەفتەی دژی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان" بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی دوعا بۆ بەرگرتن لە کوشتنی ژنان کە لەمانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو. ئەم هەڵمەتە کە 40 کەناڵی راگەیاندن بەشداری تیداکرد لەلایەن تۆڕی دوعا بۆ ڕێگرتن لەتوندوتیژی بەرامبەر ژنان و کەمپینی داکۆکی لەمافە یاسایی ومەدەنیەکانی ژنان بەهاوکاری وەزارەتی ناوخۆ ریکخرا و ئامانجی کۆتایی هینان بە توندوتیژی و ڕیگرتن لە کوشتنی ژنانە کە لە 16 ساڵی رابردوودا هەزاران ژن بونەتە قوربانی.

ئیمە بە سوپاس و دەست خۆشی لە هەموو ئەو کەناڵانەی کە بەشداریان لەم هەڵمەتەدا کرد ڕایدەگەیەنین کە پەیامی ئەم هەفتەیە سەرکەوتوانە گەیشتە خەڵکی کوردستان و بەشداری چالاکانەی هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانی ژن و پیاو دەورێکی گرنگی بوو لەم سەرکەوتنەدا و بۆیە جاریکیتریش سوپاس و پیزانینمان ئاراستەی ئەو کەسایەتیانەش دەکەین کە لەم هەڵمەتەدا بەشداربوون.

وروژاندنی دەنگی دژی توندوتیژی دژ بەژنان لە میدیاکانی کوردستاندا بۆ ماوەی هەفتەیەك و بەشداری ژنان وپیاوان ولاوان لە بەرنامە رادیۆیی وتەلەفزیۆنی و لەرۆژنامەکاندا هەنگاوێکی هەرچەند سەرەتایی بەڵام گرنگ بوو تاکو بێدەنگی چەندین ساڵە لەئاستی کۆمەڵگەدا بشکێنین. لەم هەفتەیەدا لە 40 کەناڵی راگەیاندنەوە ئەم دیاردەی کوشتن و توندوتیژیە بەرامبەر ژنان مەحکوم کرا وسەرچاوەکانی دریژەدانی کە زاڵ بوونی سیستەمی پیاوسالاری دەسەڵات و کاریگەری دین و ئیسلامی سیاسیە بەخەڵك نیشاندرا و پیویستی و چۆنیەتی کۆتایی هینان بەم دەسەڵاتی پیاوسالارییە کرایە قسەی ناو کۆمەڵگە. هەروەها بانگەوازی سەرجەم ژنان و پیاوان و لاوان کرا بۆ فشارخستنە سەر دەسەلات لەریگای دانانی یاسای دژی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان و بەکردەوە دابینکردنی پشتیوانی بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی.

ئەم هەڵمەتە بەشێك لەو کارانەیە کە تۆری دوعا بەهاوکاری ریکخراوە مەدەنیەکان و کەسایەتیەکان و چالاکەکانی بواری یەکسانی ژن وپیاو تێدەکۆشێت بۆ گۆڕینی سیستەمی پیاوسالاری و بەدیهینانی مافە یاسایی و مەدەنیەکانی ژنان وە هەورەها بۆ هێنانەمەیدانی بزوتنەوەیەکی فراوانی ژنان لەکوردستاندا کە کۆتایی بە بارودۆخی پلەدوویی و ژێردەستەیی ژنان بهێنێ. سەرکەوتنی ئەم هەفتەیە نیشانەی بوونی هەست کردن بەم بەرپرسیارێتیەیە لە کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستاندا و ئومێدێکە کە ئەم بزوتنەوە یەکسانیخوازە بۆ کۆتایی هینان بە دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان دەیدات بە ژنانی کوردستان. بەم بۆنەیەوە جاریکی تر بانگەوازی سەرجەم لایەنگرانی مافەکانی ژنان دەکەین کە پشتیوانی لەم داوایانە بکەن کە لەم هەفتەیەدا لەلایەن بەشداربوانی ئەم هەڵمەتە و ژنان وپیاوانی یەکسانیخوازەوە بەرزکراوەتەوە ولەم بزوتنەوە یەکسانیخوازەدا بەشدار وچالاك بن تا بتوانین ئەو ئومێدە بە کۆتایی هینان بە توندوتیژی وژێردەستەیی ژنان بکەینە ئەمری واقیع و مافە مەدەنی ویاساییەکانی ژنان لە هەموو بوارەکانی ئابوری وسیاسی وکۆمەڵایەتیدا بسەپێنین."

**بە دوای ئەوەدا ئاسۆ داواکاریەکانی هەفتەکەی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە کە بریتی بوون لە:**

کوشتنی ژنان لەژێر ناوی ناموس پەرستیدا تاوانێکە ودەبێت ئەنجامدەرانی بە خیرایی سزا بدرێن و لەژێر هیچ ناویکدا ئازادنەکرێن.

یاسای دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان و یەکسانی ژن وپیاو لە هەموو بوارەکانی ئابوری وسیاسی وکۆمەڵایەتیدا بەخیرایی دەرچێت و بەعەمەلی کاری پێبکرێت بەرامبەر بە هەموو کەسێك بەبێ‌لەبەرچاوگرتنی پلەوپایەی حزبی و دەسەڵاتی عەشیرەتی.

لابردنی هەموو ئەو قانون و مەنهەجی خویندن وپەروەردە و قەدەغەکردنی ئەو ووتاربێژی و داب ونەریتانەی کە دەبنە مایەی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان و ماف و یەکسانیان پێشیل دەکات.

بوونی بودجەی تایبەت بۆ بەرنامەی نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان و بوونی سیستەمی یارمەتیدانی قانونی و گرتنی محامی خۆرایی و ئۆفیسی ئامۆژگاری خۆرایی و کردنەوەی شیلتەر لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا بۆ ژنانێك کە روبەروی توندوتیژی دەبنەوە و لیپچینەوە لە کەیسی کوژرانی هەزاران ژن.

هەروەها ئاماژەشی بەو کەناڵانەی ڕاگەیاندن دا کە لەم هەفتەیەدا بەرنامەی تایبەتیان بووە و ڕۆڵیان بووە لە گەیاندنی پەیام و داواکاریەکانی هەفتەکە. ئەمەو باسی لەوە کرد کە لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئاسیا سێلەوە 60 هەزار و سانا تێلەوە 30 هەزار کورتە نامەی ئەلەکترۆنی (ئێس. ئێم. ئێس) بۆ پشتیوانی لەو هەفتەیە نێردراون. بە دوای ئەمەدا کەناڵەکان و ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێران کەوتنە پرسیار لە بەڕێوەبەرانی کۆنگرەکە و هەریەک لە بەڕێزان شیلان حەمەنوری، ئەندامی تۆڕی دوعا و فەتاح زاخۆیی لە کۆنفرانسی دوعا و پەروین عەزیز لە کەمپینی مافە مەدەنی و یاساییەکانی ژنان و ئاسۆ کەمال وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە.

لە موداخەلە و پرسیارێکدا نوێنەری ئۆکتۆبەر ئاراستەی کۆنگرەکەی کرد کە: "15-16 ساڵە ژنکوشتن لە کوردستاندا هەیە و دیاردەیەکی ترسناکی ئەم کۆمەڵگەیەیە. ئەمە بە جۆرێکە کە نابێ بە تەنیا بووترێ کوشتنی ژنان بەڵکو ئەمە تیرۆری ژنانە، تیرۆر بە مانای قاتو قڕ قڕکردن و تۆقاندن. هەموو بینیمان کە بە داخەوە کارەساتی دڵتەزێنی بەردەبارانکردنی دوعا چۆن ژنانی تۆقاند و قەڵەمی ئەژنۆی شکاندن و تەنانەت هەندێ لە چالاکانی ژنانی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کرد. بە درێژایی ئەم چەند ساڵە دەسەڵات بە کردەوە لە پشتی کۆنەپەرستی و عەشیرەتگەری وەستاوە و پشتی لە مافەکانی ژنان کردووە. سەرەڕای ئەوەی ئەم هەفتەیە دەنگ و سەدایەکی باشی هەبوو وە مەسەلەی تیرۆری ژنان و توندوتیژی بەرامبەریانی بردە ئاستێکی کۆمەڵایەتی گەورەترەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەک ئەم کاری کەمپینە و ئەم هەفتەیە دەسەڵات ناچار ئەکات دەستبەرداری ئەو عەشتیرەتگەریە ببێت و کۆتایی بەم ڕەشەکوژیەی ژنان بهێنرێت؟ بە تایبەتی لە کاتێکدا ئەوە جێی داخە کە تەنانەت لەم هەفتەیەشدا، گوێبیستی کوشتن و ناچارکردنی ژنان بە خۆسوتاندن بووین." لە وەڵامدا پەروین ووتی: "بێگومان ئەوەی کە ئێستا حکومەت هاتۆتە سەر ئەوەی لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە بکات و هاوکاری ئەکات، ئەوە خاڵێکی ئیجابیە و هەتا قانونێکی یەکسانی و دژی توندوتیژی دابین بکا بۆ خەڵکیش و بۆ خۆشی باشترە... لە دوای کوشتنی دوعاش هێشتا توندوتیژی هەر زیادی کردووە. لە کۆمەڵدا هوشیاری ئەوە نەبووە کە خەڵک واز لە توندو تیژی بهێنێ. گەر یاسایەک هەبێ لە دژی توندوتیژی ئەوا ئەتوانین پێش بەوە بگرین و هوشیاریش بەرزبکرێتەوە لەناو خەڵکدا." کاتێک دوای تەواوبوونی کۆنگرەکە دووبارە هەمان پرسیار خرایەوە بەردەم پەروین عزیز لەبەرئەوەی وەڵامی پڕاوپڕی پرسیارەکەی نەدابۆوە، لە وەڵامدا ووتی: "چارە ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە گۆڕانی بەسەردا بێت بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ڕێگە بە معارەزە نەدراوە و هێزێکی ئۆپۆزسیۆن پەیدا نەبووە ئەو کارە بکات، ئەوەش کاری ڕێکخراوێکی وەک ئەمەی ئێمە نیە". لە وەڵامی هەمان پرسیاردا کە ڕومان کردە شیلان حەمەنوری، ئەو ووتی: "... کێشەکە ئەوەیە کە حکومەت هەمیشە لە پشتی عەشیرەتگەری بووە، چونکە بووژاندنەوەی عەشیرەتگەری لە ئارادایە هەتا ئەگەر یاسای توندوتیژیش دابنرێ سوودی نیە چونکە لە دیوەخانی عەشیرەتەکانەوە بڕیاری کۆتایی هێنان بە ژیانی ژنان ئەدرێت... لەم 16 ساڵەی ڕابردوودا دەسەڵات ئەوەندەی کاری کردووە لەسەر شاردنەوەی ئەو ئامارە قێزەونانەی لە دژی ژنان هەیە گوایە بە ناوی ئەوەوە کە لە دەرەوە حەیای کورد ئەچێ، ئەوەندە شتی بە قازانجی ژنان نەکردووە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێستا وا نیە و هەموو جیهان ئەزانن کە کاتێک ناوی کورد ئەهێنرێ یەکسەر لە پاڵیدا ووشەی honour killing (کوشتنی ناموسی) ئەووترێت... منیش هاوڕام لەسەر ئەوەی کە ئەوە تیرۆری ژنانە. بە ڕای من تیرۆری ژنان هیچی کەمتر نیە لە تیرۆری ئیسلامی و هەموو کۆمەڵگا ئەگرێتەوە چونکە ئەوەتا ئەبینین لە دائیرەکان بەرپرسی پیاو توندە لەبەرامبەر ژناندا، لە خێزان هەروا، لە کۆمەڵگە هەروا..."